# ئاگری كاروان

شیعری: بێژەنی تەرەقی



بەختم یار نەبوو تا لەگەڵ كاروان دا بڕۆم
ئەوەندە ئەسوتێم وەك دوكەڵ تا لەگیان بڕوم
بەختی سوك و سۆڵ  گەروا جڵەوم بكات
وەك خاكی بەررێ بۆبەدرەقەی كاروان دەڕۆم
بڵێسەدێ وەك گڕ كە هەستمەوە بەلام درێغ
كوا پێیەكی بەتوانا تا لەشوێن هاوڕێیان بڕۆم
وەك تینوێك لەنیوەی تەمەنما ماومەتەوە
لەم شۆڕەزارە، بەلێوی وشكەوە چلۆن بڕۆم
ئیمكانی بێوەفایی چونكە نەبوو لەمەوپێش
ئاگرم بەردایە گیان، كە تا لامەكان بڕۆم
بیابان بێدەنگی مەرگی گرتووە من خامۆش
بوم بەمۆمی مەزاری خۆم تا لە دنیا بڕۆم
خۆڵەمێشم لێ نامێنێتەوە بۆ یادگار
لەگەڵ تۆفانی ڕوداودا تائاسمان ئەڕۆم
هاوینی 1338 هەتاوی

شەڕکەری لە دیمەنەکانی جەنگدا بە ئامێرە مۆسیقییە پڕ زایەڵەکانی وەکو: سنج، دەهۆڵ، کەڕەنا دەژەنرێت. لە کاتێکدا کە گۆرانی و هەڵبەست، گۆرانییەو ئاوازی عاشقانەو کاریگەری لەسەر هەستی پاکی مرۆیی دەوێ، کە جیهانێکی خاڵییە لە جەنگ و کینە و رکەبەرایەتی.

***بە بڕوای تۆ شاعیری لیریك چ پەیامێکی لە ئەستۆیە؟**

-شاعیرێك کە دەست بەکاری شیعری لیریك دەکات، دەبێت بزانێت کە لە چ پێگەیەکدایەو هەروەها دەبێت بزانێت ئەم وشانەی کە لەزەین و ئەندێشەیەوە بەسەر رووی هەورازەکانی ئاوازدا رەتدەبێت، چ کاریگەرییەك لەسەر رۆح و دەروونی خەڵکی وڵاتەکەی بەگشتی لە مناڵ و پیر و گەنج بەجێدەهێڵێت.

تێکستی گۆرانی ئەوینداری لە حاڵەتێکدا، کە بە پێکهاتەی نوێ و تازە دەرنەبڕابێت، ئیتر دووبارە و درێژدادڕییە، چونکە هەر شیعرو سرودێك، کە لە رووی مەعنەوی و ئەخلاقییەوە خاڵی بێت و تەنیا بە بابەتە مردوو و زوو تێپەڕو پەیوەندییەکانی رۆژانی لاوییەتی تەواو بووبێت، بەرهەمێکی زۆر قووڵ و درێژخایەن نامێنێتەوە، هەروەکو خەریکبوونی شاعیران بە زمانی خوازەو توانج پۆشی بۆ هەڵاتن لە هەمان رۆونی و راشکاوی.

دروستە کە پێناسەی ئوستادانە لەهەر جۆرە جوانیەك لە بەرزنرخاندن و ستایشکردنی جوانی رەهاو جاویدانییە، بەڵام بەهەمان رادەی باسکردن لە جوانیەکان و پیاهەڵدان کاریگەرە، خستنەڕووی کەم و کوڕییەکان و نیشاندانی دیمەنە جاڕسکەرەکانی ژیانی مرۆڤ، وەکو شەڕو خراپییەکان و بەرگری لە عەدالەت و یەکسانی کە رزگاری مرۆڤەکانی لێیە، شیاوی بایەخپێدانە. ئەم هەموو بابەتە کۆمەڵایەتی و رووداوانەی، کە لە پانتایی ژیانی ئێمە روودەدات، شیاوی قووڵبونەوەو بیرکردنەوەو لەخۆگری هەندێ ناوەڕۆکی سەیرە، کە تەنیا هونەرمەندانن دەڕۆستی دەربڕینی بە زمانی هونەر دێن. نیشاندانی سیمای مناڵێك کە دایکی لە دەستداوەو مات و حەپەساو لەنێو مناڵاندا وەستاوەو دیاری بەدەستەوە بۆ پێشوازی رۆژی دایك دەچن، لە دیمەنە هەست بزوێنەکانە، کە چاوی بێداری هونەرمەند ئەوە دەبینێ. بەشێوەیەکی گشتی هونەرمەندێك کە بەردەوام سەرگەرم و پابەندی دەروونی خۆی بێت و نەتوانێت ئازارەکانی کۆمەڵگە و ناخۆشییەکانی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی هەستپێبکات، کەسێکی خۆپەرست و دۆگمایە.

بە کورتیەکەی ئەوەی کە: هونەرمەندی رەسەن، کەسێکی دەردەدارەو خەریکی دەرمانی کەسانی ترە.

***بەڕێز تەرەقی ، لەکاتی گۆرانی وتندا چ هەستێکت هەیە؟**

-کاتی گۆرانی وتن، هەستدەکەم بەسەر لوتکەی چیایەکی بڵندەوەم و قسە بۆ گشت خەڵکی جیهان دەکەم. ئەوکاتەی کە ویژدانی شیعریم باس لە عەشق و بێبەشی، ئازارو مەینەتی شەڕەکان و بێ خانمی مرۆڤەکان دەکات، هەستدەکەم هەموو ئەم وشانە لە زمانی هەموو خەڵکی جیهانەوە بە گوێی من دەگات.

هەندێ جار لە خۆم دەپرسم، ئایا ئەم شیعرو گۆرانیانە هی تۆیە، من چ کاتێ ئەوانەم نوسیوەو لە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بەخۆم دەڵێم، ئەی برا ئەمە خواست و نیازی خەڵکی زەمانەیە، کە لەسەر زمانی قەڵەمەکەتەوە دەچۆڕێتەوە.



بێژەن تەرەقی